توانرا لە کەمپی هەل لە ڕۆژئاوای کوردستان کچێکی ئێزیدی فڕێندراو ڕزگار بکرێت



یەپێژی باڵی چەکداری هەسەد ڕایگەیاند، کە توانرا لە کەمپی هەل لە ڕۆژئاوای کوردستان کچێکی ئێزیدی فڕێندراو ڕزگار بکرێت.

ئەوارەی ڕۆژی سێشەمە (19ـی ئەیلولی 2023)، ناوەندی ڕاگەیاندنی یەکینەکانی پاراستنی ژن (یەپێژ) ڕایگەیاند، "توانرا کچێکی ئێزیدی بە ناوی (فریال خدر) لە کەمپی هەل لەدەست ڕەکخراوەی تیرۆریستی داعش ڕزگار بکەین"، هاتووەش، ناوبراو لە ساڵی 2014 لە تەمەنی 12 ساڵی لە شنگال لەگەڵ کچان و ژنانی تر ڕفێنرا و کاری کەین و فرۆشتنیان پێکرا.

لە ڕاگەیێندراوەکەدا ئاماژە بۆ کراوە، کە چارنووسی کەسوکاری فریال تا ئێستا نەزانراوە کە لە ژیاندا ماون یا بوونەتە قوربانیی چەکدارانی داعش، جێخت کراوەش، کە هەزەکانمان هەموو هەوڵەکی خستەتە گەڕ بە زانینی چارنووسی خێزانی فریال، هەروەها ڕزگارکردنی هەموو فڕێندراوەکانی ئێزدی لە کەمپی هەل.